بابان
لە سلێمانییەوە دەینێرێ







## نوکتەی سەفەری

* قەسابێک خەریکی چاکردنی بزنێک بوو، مامۆستایەک بەلایدا تێپەری، تۆزێک خوێن بە پانتۆڵی مامۆستا کەوت، مامۆستا گۆتی: ئەرێ کاکە ئەتوو مێشکت نییە، قەسابەکەش گووتی: ناوەڵا مامۆستا گیان بەس سەروپێمان هەیە!!

## مەلەوانی و رۆژنامەوانی

بزاو: لە هەولێر کافتریایەکی تایبەت بە ئافرەتان دەکرێتەوە.
گەپ: ئەگەر ئەویش هەلآیەک نەنێتەوە بۆ جومعە!
باسک: تکایە کێ نووسەرە با بیسەلمێنێ.؟
گەپ: ئەوە عەرزو ئەوە گەز.
ئـاوێنـە: کـچـان بـە نـوشـتـە و دوعـا شـوو بە خۆشەویستەکانیان دەدەن.
گەپ: بەخوا هەرزانە بەس نییە بە زێرو دۆلار نایکەن.
بەڵگە: کێ دەست وەردەداتە کاروباری حکومەت ؟
گەپ: جەریدە نووسە بە حساب ئازادەکان!
میدیا : هیچ دەرمانخانەیەکی گیایی لە کوردستان مۆڵەتی تەندروستی نییە.
گەپ: حسابی ئەرزی زەراعیان بۆ کراوە و ناکرێنە بینا.
بارزان : خۆزگەم بە چلەی هاوینی هەولێر.
گەپ: ئەوە سەیارەکەی تەبریدی هەیە!
گوڵان : ئاسایشی خۆراک لە کوردستاندا.
گەپ: پارێزراوەو کەس ناتوانێ بیدزێت.
هەواڵ : ئەوەی پەند لە مێژوو وەرنەگرێ جوگرافیا دەدۆڕێنێ.
گەپ: یەعنی ئیکمالیەکەی مسۆگەرە!
کۆمەڵ : ئایا کچانمان لە شووکردن دەترسن ؟
گەپ: بەس زیرەیان لە فرەژنیە کردووە.
سڤیل : عـێراق لـە ژێـر مـەتـرسـی نەخۆشـی پاڵەپەستۆی خوێندایە.
گـەپ: دیارە دراوسێکانی خواردنەکەی سوێر ئەکەن.
خەبات : لەگەڵ گرانبوونی زێر خەڵک روو لە کرینی زیو دەکەن.
گەپ: هەر نەگاتە سەر تەنەکەو تانکی باشە.
هەولێر : گرانیەکەی ئێران هەرێمیشی گرتەوە.
گەپ: وەک تۆپەکانی!
رۆژنامە : تا ئێستا کۆلێژی پەروەردەی چەمچەماڵ کرێچییە.
گەپ: کە خریجەکانی تەعین بوون، یەکەم مەعاش خانوویەکی بۆ ئەکرن!
چاودێر : هاوار بە ماڵم بۆ کتێبخانەی کوردی.
گەپ: دەستی شکاوم بۆ رەفەکانی!
یەککرتوو : پرۆژەی بەکڵێساکردنی مزگەوتەکان..
گەپ: ئەی بە مەقەرکردنی مزگەوتەکان بۆ باس ناکەی!؟
هـاوڵاتی : شـەڕ لە چەند گوندێکی شـارەزوور سەرهەڵدەدات.
گـەپ: ئـەو حـەرەکـەیـە زۆرکـۆنـە قـەت قەت ناکرێتەوە!
ئاسۆ : شۆستە مولکی کێیە؟
گەپ: دوکاندار!
کوردستانی نوێ : هاتوچۆی رانیە بەرێوەبەرایەتی نییە.
گەپ: هەر ئەوان باش ئەکەن، چونکە ئیشەکەیان لەسەرجادەیە!







## هەواڵی ماتۆڕی

دوانزە ڕۆژ بەدوای سایقی ماتۆڕەکەماندا گەڕاین نەماندۆزییەوە، ئاخری ناچار بووین بەبێ تەقە خۆمانکرد بە ماڵیاندا، سەیرمانکرد لە کونی ژورەوە چەقیوەتە ناو کاغەزو ئەوراقی کۆن و فایلی چل ساڵ لەمەوپێش، وتمان: بەدوای چییدا دەگەڕێی؟ وتی: بەدوای ئەو پارچە کاغەزە باریکەدا دەگەڕێم کە هاوپێچ لەگەڵ فۆرمی خۆراکی ساڵی ٢٠٠٢ دا وەرمانگرت، چونکە بەپێی دیعایەی خەڵک دەڵێن ٩ ملیۆن دۆلار دەکات و منیش دەمەوێ بیفرۆشم، ئێمەش لەگەڵیدا گەڕاین تا دۆزیمانەوە، خێرا کاغەزەکەمان تەسلیمی دەستی خێزانەکەی کردو خۆیشیمان فرێدایە ناو تەکسییەک و تا لای دکتۆری دەرونی نەمانوەستاند!!



## عەینەن یەك



### ((کابینەی پێشوی عێراق))

١- نوری مالیکی سەرۆکی حکومەت بوو.
٢- دیاردەی گەندەڵی ڕوو لە زیادکردن بوو.
٣- ژێر بەژێر دزی لە گەلی عێراق دەکرا.
٤- حەزیان لە لوشدانی نەوتی خاو بوو.
٥- وەزیرەکان لکابون بە کورسیەکانەوە.
٦- مەبلەغێک ژنی تێدابوو.
٧- ماددەی سەدو چلیان پیر پیر کرد.

### ((کابینەی ئێستای عێراق))

١- قابیلە ئێستا نووری سەعید زیندوو بێتەوە!
٢- گەندەڵی تەپڵی سەرکەوتنی لێدا.
٣- ڕەحمەت لە کفن دزی پێشو!
٤- ئێستا نەوتی سەریعیش هەڵدەقوڕێنن!
٥- لەگەڵ کورسیەکاندا خوێنیان بۆ یەکتر دەبێ!
٦- بۆ دەرمان حورمەیەکی تێدا نییە.
٧- فریای نەکەون وەفات دەفەرمێ!

NAMO



ڕۆستەم زادە
(نامـــۆ)
تایبەت بە گەپ
دەینێرێ



## نوکتەی سەفەری

* کوڕێک لەگەڵ هاوڕێیەکەی بەلای ماڵی قلەکەیدا ڕۆیشت کوڕەکە بە هاوڕێیەکەی گوت: ئەوە ماڵی خۆشەویستەکەمە. لەوکاتەدا کچەکە هاتە پێش دەرگا.. کوڕەکە چاوێکی لێ داگرت: کچەکەش چەمەڵەی لێ گرت، لێ گرت و تۆزێک قاچی بەرز کردەوە، کچەکە مەبەستی ئەوەبوو عەمرت نەمێنێ حیسابی ئەو قۆندەرەت بۆ ناکەم..! کوڕەکەش بە هاوڕێیەکەی گووت: دەزانی ئەوە چی گووت: هاوڕێیەکەی گوتی ناوەڵا.. کوڕەکەش گوتی: ئەوە دەڵێ ئەمڕۆ سەعات (٥) لە شەقامی باتە مەوعیدمان هەیە..

## تەحلیلات و تەفسیرات و تەنزیلات



### ((چەواشەکاری))

عەبە سێ سەر

### تەحلیلی سیاسی:

چەواشەکردنی خەڵک لەهەر مەسەلەو باس و خواسێکداو لنگەوقوچکردنی بابەتەکان لای عالەم، لەڕوی سیاسییەوە پێیدەوترێ ئاشوفتەگێری، بۆ نمونە: کابرایەکی سیاسەتمەدار لەناو پاسدا کورسیی بۆ نامێنێ، دەڕواتە ناو جەماوەرو دەیکات بەو ڕۆژەی قەرەوەیسی تێدا کوژرا!!

### تەحلیلی کۆمەڵایەتی:

هەر قسەیەک لەناو خەڵکی گەرەگدا ئاوەژوکراو عەینەن تاکە گۆرەوی هەڵگێردرایەوانێ، ئەوا لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە هەتا مشتی لێبگری، کارێکی عەیب وشورەییەو مانای وایە شۆفارێک لەپشت ئەم کارەوە نان و گۆرەوی . ببورن نان و پیاز بە مەسەلەکەوە دەخوات!!



## (هەر لۆ فشەی)

### شێخە فشە

مەوعیدم لەگەر عەزەی هەبوو، لە دەرکەم دا خێزانەکەی فەرمووی لێ کردم ،چوومە ژووری، دیتم (عەزە) نوێژی دابەستیە، کە سەلامی داوە دەستی برند کرد، هەر لۆ فشەی گۆتی: یارەبی خوایە (معاش) زیاد نەبی! خوایە معاش زیاد نەبی!- خەریک بوو زللەکی عارەبی لەبنی گێی بدەم.. لەسەر دووگردی وەری گێرم، خوابتگری عالەم ئەوە هەر لۆفشەی دوعای دەکا معاش زیادی بکات، ئەوە ئەتوو چ دەرێی هەی خواگیر؟ عەزە گۆتی: کاکی من ئەمنیش هەروا دەرێم سۆڕ دەزانم معاش زیاد بی، هەر لۆفشەی بازاڕ دەبتە ئاگر، کرێ خانی زیاد دەکا- ئاخر ئەمنیش تای هەنگیم هاتیتێ، کورد گوتەنی: چا مەکە با خرا نەبی!!





### تەحلیلی ئابووری:

هەنێ جار لەعانی مامەڵەکردندا دەرو دراوسێ چەواشەمان دەکەن، وەلێ زۆریش گوێی نادەینێ چونکینێ فرە غەریب نییە لەلامان، مەسەلەن: وەکو هاوردنی داودەرمانی ئێکسپایەر، هەروا بێتەوە ئەشیای چینی بە زاخاوی یابان، ئەمەش لەڕوی ئابوورییەوە پێی ئێژن سوعبەتی توجاری!!

## لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا:

١. لە خەوێکی پڕ غەفڵەتداو لە بەرواری پانزەی یەکی ساڵی هەزارو نۆسەدو نەوەدو یەکی بیرازیداو لەکاتێکدا هەموو مەخلوقاتی دنیا بۆ پێشوازیکردن لە ساڵی تازە خەریکی حەفلەو حەفلەکاری بوون، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو هێزەکانی هاوپەیمانان لەسەعاتی سفردا شڵپەیان لە عێراق هەستاند!

٢. لە شامێکی وەک شەریفداو لە ڕێکەوتی حەڤدەی هەژدەی نۆزدە ساڵ لەمەوپێشدا، بڕیار وابوو جادەی نێوان سەیدصادق و بێستان سوور لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە نۆژەن بکرێتەوە، بەڵام تاکو ئەم چرکەیەش وەک ئەوەی تەڵاقیان خواردبێت پەنجەی موبارەکیان بۆ نەبردوە!

٣. لەڕۆژێکی وەک ئەمشەوداو لە بیست و دووی مانگی چاو دەرپۆقیناتی ساڵی دووهەزارو شەشی وەعدە خیلافیدا، شارەوانی سلێمانی بڕیاریدا پیشەوەرەکانی ناوشار هەریەکەو پارچە زەوییەکیان پێبدرێ، بەڵام هەندێکیان وەریانگرت و هەنێکی تریشیان هەنوکە ناویان لە کولەکەی تەڕیشدا نییە.



## تیاترۆ

عوسە سویچ

سامسۆنگ/کوا؟ ئادەی بیکەرەوە با بینێرم.
نۆکیا/ چی بکەمەوەو چی بنێری؟
سامسۆنگ/ دەی قەیناکا تۆ بینێرە.
نۆکیا/ ئاخر چی بنێرم؟ هەی قوڕمساغ؟
سامسۆنگ/ چیت پێیە؟ شتی خۆش؟
نۆکیا/ وەڵا فستقم پێبو، تەواو بوو!
سامسۆنگ/ فستق نا، شتی خۆشتر.
نۆکیا/ چەقالەشم پێبو، بەس میوانەکان خواردیان.
سامسۆنگ/ هەتیو چەقالەو فستقم بۆچییە؟
نۆکیا/ ئەی تۆ چیت دەوێ؟
سامسۆنگ/ بلوتوزم ئەوێ بلوتوز.
نۆکیا/ ئێ دەتۆ وابڵێ.
سامسۆنگ/ دەی بزانم چی تازەت پێیە؟
نۆکیا/ تیرۆریستەکانت بۆبنێرم؟
سامسۆنگ/ نەوەڵا حاشا لە دیداریان.
نۆکیا/ ئەی شەڕە پشیلە؟
سامسۆنگ/ ئەویش مەنێرە عەیبە.
نۆکیا/ جا خۆ بلوتوز هەر ئەو شتانەیە
سامسۆنگ/ دەی کەواتە عەمری هەردوکمان نەمێنێ!!

